# کاریکاتۆری دیموکراسی لە ئێراندا!

کەیهان عەزیز

بەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی ،کە ڕۆژی هەینی(20-02-04) لەئێران بەرگوزار کرا ، وەک چوار ساڵ لەمەوبەر دووچاری هیچ شۆکێکیان نەکردم. چوارساڵ بەر لە ئێستاش جەنجاڵ و هەیاهوویەکی زۆرلە سەر بردنەوەی بەناوهێڵی میانەرەو بەرپاکرا، وەلێ بەرەنجامەکەیشی داخستنی زیاتری گۆڤار و ڕۆژنامەکان و سووکایەتیکردن وتیرۆری فکری وجەستەیی زیاتری نووسەران ، ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان بوو. بەرەنجامی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی هەینی(20-02-04 ) و بردنەوەی هێڵی توندڕەو، دەرخەری کاریکاتۆربوونی دیموکراسی بەمۆری ستانداردی کۆماری ئیسلامیەوەیە. بۆ منیش نەک نمایشی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بەڵکو خودی دیاردەی خاتەمی و میانەرەوی لە ئێراندا جێگای پرسیار بوون!.

لە وولاتێکدا کە پایە بناغەییەکانی لەسەر شەریعەت و قورئان و وولایەتی فەقیە دارێژراون، ئیدی کردنەوەی لۆژیکی دیموکراسی و دیاریدەی خاتەمی و هێڵی بەناو میانەڕەو لەنێو کۆماری وولایەتی فەقیهدا چ واتایەکیان دەبێت؟!.

چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا یادی 25 ساڵەی شۆڕشی ئێران، یان واوەتر بڵێم یادی 25 ساڵ کارەسات و سانسۆر و هەتککردنی ئازادی وتیرۆری فکری و جەستەیی کۆمەڵگا کرایەوە. ئاخر شوناسنامەوبەرەنجامی 25 ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی جگەلە زیندەبەچاڵکردنی ئومێدوخۆزگەکان وهەتکردنی ئازادیەکان نەبێت، چی شتێکی دیکە بووە؟!.

نزیکەی هەشت ساڵان لە دەسەڵاتی ئاغای خاتەمی دەگوزەرێ، جگە لە ئاشکرا بوون و کەوتنە رووی دەستی ئازادیخوازان وخەندە زیرەکانەکەی نەبێت!. کارنامەی ئەو وهێڵە بەنێو میانەڕەوەکەی چیان بۆ خەڵکی ئێران بەئەرمەغان هێنا ؟!.کاتێک ئاغای پریزدێنت 8ساڵ بەخۆی و زۆرینەی مەجلیسەوە بەهەست ونەستی 68 ملیۆن کەس دەخەندێت و، 8 ساڵ بەکەم دەزانن تا ئالوگۆرێکی ئازادیخوازانە بەسوودی خواستی خەڵک بەدیبێنن. ئیدی شوناسنامە و دیاردەی خاتەمی جگە لە کلاو و تەڵەیەک بۆ ئازادیخوازان چ واتایەکی دیکەی دەبێت؟!.

25ساڵ بەر لەئێستا ، ئێران یەکێک لە مۆدێرنترین و پێشکەوتووترین وولاتەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بوو. کێشەی ئازادییە سەرەتاییەکان لەچەشنی حیجاب و پۆشاک وخواردنەوە ودانس و...و، هەروەها کێشە سەرەکیەکانی برسێتی و گرانی و ئیعتیاد و بێکاری وەک ئیمرۆ نەبوون ، کەچی لەسایەی هێڵ وهێڵکاریەکانی خاتەمی کەساختی خودی دەفتەری ڕێبەرایەتیە، خەڵکی وا چەواشە دەکرێت کە خاتەمی هێڵ ودیاردەیەکە، ئەها ژنان دەتوانن بە نیوەڕووسەریەوە لە خیابانەکاندا پیاسە بکەن!. ئەها پریزدینت وهێڵەکەی هەوڵ دەدەن کە بەژنان مۆڵەت بدرێت تا بچنە ئستادیۆم وفوتباڵ و وەرزش تەماشاکەن!، ئەها لەماشێنەکاندا بە ئازادی گۆرانیەکانی داریوش و قومەیشی وگوگوش لێدەدەرێ و کەسیش ڕێگری ناکات!! ئاها موختاری و فروهەرەکان و کێ و کێ دەدرێنە بەر ساتوور و تاڕادەیەکی نمایشی مۆڵەت دەدرێت داستانی ئەم سکاندالانە لە چاپەمەنیەکاندا شەفافانە درز بکات!.

ئەوەی 25 ساڵ بەرلەئێستا ڕوویدا جگە لە کارەساتێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی، ناکرێت ناوێکی دیکەی لێبنێین و خەڵکی ئێرانیش پاش 8 ساڵان وازی دیموکراسی، ئێستاکە ڕوو بە ڕووی پریۆدێکی سەخت، وەلێ ئایەندەدار بوونەتەوە!.

Brussel,26-02-2004